# پەیامێک بۆ ئاشتی و دیموکراتی، بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی کارەساتە خـوێـنـاوییەکـەی سلێمانـی

لە کاتی راپەرینەکان کوردستان و **کۆرەودا** هەزاران کوردی دانیشتوی شارەکانی سوید هاتن بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان لە ستۆکۆڵم. ئەو چالاکیانە چەندین شەووڕۆژی خایاند و هەزاران کەس تیا بەشداربوون. دیمەنە تراژدیاکانی کۆرەوەکە نەک هەر کوردان بەڵکو هەموو جیهانی هەژاند و تورەکرد، بۆیە لەو کاتەدا کۆمەڵێک لە هاوڕێ پرحەماسەکانمان شەوێک بە نهێنی هێرشیان بردە سەر **سەفارەتی عێراقی و بەردەبارنیان کردن**. سەفارەتی عیراقیش وەک ڕەوشتی پیاوکوژانەیان **بە کلاشینکۆف تەقەیان بەرووی هاوڕیانماندا کرد**. ئەوەش هەموو خەڵک و سیاسییەکانی سویدی تورەکرد. **پـیـیـار شـوری** کە سیاسییەکی ناوداری سویدییە بەتورەییەوە بەناوی حکومەتەوە هەڕەشەی توندی لە سەفارەتی عێراقی کرد و ئاگاداریکردن کە سوید نەعێراقە و نەتەکساسی بێ حاکم تا ئەوان بتوانن بەئارەزووی خۆیان تەقەی تێدا بکەن. وە داوای لێکردن کە دەبێ بە زووترین کات چەک و تاوانباران تەسلیم بە دادگا بکەن و داوای لێبوردنیش بکەن.
ئەوە بوو هەڵوێستی جوامێرانەی پییار شوری و سویدیەکان بەرامبەر خۆپیشاندەرانی ئێمە، لە کاتێکدا ئێمە لە دانیشتوانی ڕەسەنی سویدیش نەبووین، کەسیش بە خۆپێشاندەرانی نەوت ئاژاوەگێڕ و کێرەشێوێن و دەستی دەرەوەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە سویدییەکان سۆزیان زیاتر بوو بۆ کێشەی کورد و باشتر بۆیان دەرکەوت کە بێگومان سەفارەت و حکومەتەکەی سەدام لە هەچ جێگایەک بن خوێنڕێژ و پیاوکوژن.
بەڵام بەداخەوە لە **17/2دا لقی چواری پارتی لە پێناوی هەندێک جامخانەی شکاو بە رەشاش بەرپەرچی گەنجانی خۆپیشاندەری خوێنگەرمی بێچەکی ئەم شارەیان دایەوە و زیاد لە 60 لاویان خەڵتانی خوێنکرد**، کەچی هێشتا ئەوان گەنجەکانیان بە دەستدرێژیکەر و ئاژاوەگێڕ و فیتنە و دەستی دەرەوە ناو دەبرد.
لەوەش خراپتر پارتی بەپەلە هێزێکی گەورەی میلیشیاتی خۆی نارد بۆ سلێمانی بە نیازی زیاتر چاوترساندنی گەنجان و دانیشتوانی شارەکە، وەک ئەوەی لەشکر بنێرن بۆ پارێزگاری دانیشتوانی کەرکوک لە تێرۆریستان. لەڕاستیدا شەرەفمەنتر بوو ئەگەر هێزەکە بچوایە پارێزگاری لە تەلەفیزیۆن و بارەگاکانی گۆران بکردایە کە بەدەستی پەلاماردەرانی پارتی سوتێنران، نەک لەشکرکێشی بکەنە سەر سلێمانی.
بەداخەوە لەو بارودۆخەدا ناسکەدا سەرکردایەتی **یەکێتیش لاوازی پیشاندا** کە ڕێگای بە هێزەکەی پارتی دا بێنە ناو شاری سلێمانییەوە. ئەوەش پرسیارێکی نادیارە کە چۆن و هۆی چی بوو **یەکێتی لە پێناوی بارەگایەکی بچوکدا شارێکی تەسلیم بە هێزەکانی پارتی کرد**، کە لە کاتێکدا لە **دووای 31ی ئابەوە** نەیانتوانیوە ئاوا بە ئاسانی بەلەشکرەوە بێنە سەر ئەم شارە. بێگومان هاتنی ئەو هێزەی پارتی ناکۆکییەکان و بارودۆخەکەی ئەوەندەی تر ئاڵۆز و خەتەرناکتر کرد و هەڕەشە و مەترسی گەورەی لەسەر دانیشتوان و بزوتنەوەی گۆران و لایەنی تر دروستکرد، کە خەریکبوون جارێکی تر سلێمانی و کوردستان بکەنەوە بە مەیدانی شەڕ و گۆمی خوێن.

بەڵام خۆشبەختانە بە هەوڵی هەندێک لایەن و پێداگرتنی گەنجان و دانیشتوانی ئازای شاری سلێمانی هێزەکانی پارتی ئیجبارکران لە شار بچنەدەرەوە.

لەهەمان کاتدا هەر دووای ئەو رووداوە خوێناوییە، بۆ پاکانەی خۆیان کەوتنە هەرەشە و هێرش و توانج لەسەر گەنجە خۆپیشاندەرەکان و ڕاونان و گرتن و بەرپەرچدانەوەی داخوازییەکانیان و تۆمەتبارکردنیان بە گێرەشێوێن و تەعەداکەر و دەستی دەرەوە، کە لە راستیدا دەبووایە بە زمانێکی نەرم و دیموکراسی هەوڵبدرایە لێیان تێبگەن و دیالۆگ لەگەڵیاندا دابمەزێنن. بەداخەوە لەسەرەتاوە زووربەی لایەنەکان کەوتنە ئەو هەڵەیەوە.
بەڵام خۆشبەختانە خۆپیشاندەرە **گەنجە سەربەخۆکان کۆنترۆلی خۆیان لەدەست نەدا** و بێترس و هێمنانە بەردەوام بوون لەسەر داخوازییە رەواکانی خۆیان. من کە ئەو خۆپیشاندان و ڕاپەرینەی ئەوانم بینی زۆر گەشبین بووم بە داهاتوی کوردستان، چونکە ئەو گەنجە ئازا و ڕاپەریوانەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سلێمانی، دەریانخست کە ئەوان بە حەماس و وزەوە بەتەنگ شار و نیشتمانەکەیانەوە دێن و خەمسارد نین بەرامبەر ناعەدالەتی و گەندەڵی و کێشەکانی تر، وە جارێکی تر هیچ هێزێکی سەرکوتکەر ناتوانێ گەنجان و خەڵکی کورستان بێدەنگ بکا و بچەوسێنێتەوە و رێگاش بە لەشکرکێشی نادەن بۆ شارەکەیان. **ئەی ئافەرین و هەزاران ئافەرین، بژین گەنجانی لە خۆ بوردوی ئازادیخواز و دیموکراتی شاری سلێمانی هەڵمەت و قوربانی**.
بێگومان گەنجان وزە و ماتۆری گۆرانکاری و پێشکەوتنی کوردستانن وە بەدڵنیییای بە گەشەکردن و بەهێزبوونی دیموکراتی و عەدالەت و بە نەمانی گەندەڵی روو و ناوبانگی کوردستان جوانتر دەبێ و پشتیوانمان زۆرتر دەکا. ئەوەش دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەهێزبوونمان و سەرکەوتنمان بەسەر ئەو کێشە و قەیران و هێرشانەی کە لەوانەیە لە داهاتودا ڕووبەڕوومان ببنەوە.
بۆیە پێویستە هەموو کوردێکی ئازادیخواز و دیموکرات و نیشتمانپەروەر دەنگی لەگەڵ دەنگی ئەو گەنجانەدا بێ، وە **پشتیوانی لە هەموو داخوازییە ڕەواکانیان بکەین**.

**چەند هەنگاوێک بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە لەگەڵ بزوتنەوەی گەنجان:**
**1-** دەبێ سیاسی و دەسەڵاتداران هێرشی ئیعلامیان لەسەر ڕابگرن و وازبهێنن لە توانج گرتنە گەنجەکان و بە گێرەشێوێن و ئاژاوەگێر و بەکرێگیرا و تالانچی ناونەبرێن. بەپێچەوانەوە پێویستە هەوڵبدرێ لایەنە ئیجابییەکانی ئەو خۆپیشاندان و چالاکیانەی ئەوان باسبکرێ.

**2-** پێویستە دەسبەجێ هەموو هاورێ گیراوەکانیان بێ مەرج ئازاد بکرێن و هەرەشەیان لێنەکرێ و چەکدار و ئاسایشیان لەسەر کۆنەکرێتەوە لە کاتی چالاکییەکانیاندا.

**3-** دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵیاندا بکرێتەوە و گوێ لە فکرە و داخوازییەکانیان بگیردرێ و بەڵێن و هەوڵی جێبەجێکردنیان پێبدرێ، سیاسەتی سەرکەوتو ئەوەیە کە لەنارەزایی و تورەیی و وزەی گەنجان تێبگەین و بە ئاڕاستەیەکی ڕاست سودی لێوەربگیرێ، چونکە ئەوانن دروستکەری داهاتوی کوردستان.

**4-** رێگایان پێبدرێ و مافی خۆیانە کەی و لەکوێ و چەند رۆژ ویستیان خۆپیشاندانی هێمنانە بکەن و نارەزایی و تورەیی خۆیان ئاشتیانە دەربرن. (ئاساییە لەم سەردەمی عەولەمەیەدا زۆر جاری وا دەبێ گەنجان خۆپیشاندان بۆ سۆلیداریتی و پشتیوانی بۆ گەلێکی تر یا کێشەیکی جیهانی دەکەن. ئێمە لە سوید جاری وا هەبووە بە دەیان ڕۆژ بەبەردەوامی بۆ کوردستان خۆپیشاندان و مانگرتنمان کردووە و بەیان بڵاوکراوەتەوە بەبی ئەوەی ڕێگامان لێبگیردرێ. تەنانەت ئێستاش دەبینین لە ئەوروپاوە بۆ پشتیوانی لە داخوازی ئەم گەنجانە خۆپیشاندان دەکرێ)
دەبێ سیاسییەکان دڵیان بەوە خۆش بێ کە گەنجان خەمسارد نین و بەتەنگ کێشەکانی ناو کۆمەڵگا و وڵاتی خۆیان و جیهانەوە دێن، کە بێگومان ئەوەش وزەیەکی پۆزەتیڤە بۆ چارەسەری کێشەکان و بۆ گەشەی کوردستان.

**لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەرکەوتو ئاشتی لە کۆمەڵگاکەمان و لە نێوان لایەناکاندا بەرقەرا بکەین و میاکانیزمێکی گونجاو هەبێ بۆ ئەوەی جارێکی تر توشی پشێویی و کارەساتی خویناوی تر نەبین ئەم پێشنیارانە دەکەم بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان و میدیا و رای جەماوەری خەڵکی کوردستان.**

**1- دروستکردنی لیژنەی ئەمنی هاوبەشی پارێزگا**: بەپەلە لیژنەیەکی ئەمنی راستەقینە بۆ پارێزگای سلێمانی دابنرێ کە نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدابی. هێزی دژە تیرۆر و ئاسایش و هەموو هیزەکانی تر لە پارێزگادا بە بریاری ئەوان بجوڵێنەوە، وە ئەوان بریار بدەن کە هێزی هەرێم یان هیزێکی تری عێراقی یا ئەمەریکی بێتە ناوچەکەوە یان نا. ئەمەش تا ئەوکاتەی کە پەرلەمانی کوردستان یاسایەک وەک لە خاڵی 3 دا پێشنیار کراوە دەردەکا.

**2- دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە**: ئاشکرایە حکومەت بریارداوە لیژنەیەکی لیکوڵینەوە دروست بکا بەڵام بۆ بەهێزکردنی متمانە و سەرکەوتنی ئەو جۆرە لیژنانە ئەوا پێویستە پەرلەمانی کوردستان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

که نوینەری گەلە لیژنەیەکی هاوبەشی کە هەموو لایەنەکانی تێدا بێ دروست بکا بۆ لێکۆڵینەوەی لەو ڕووداوانەی سلێمانی و چۆنێتی هاتنی هێزی زرێڤانی بۆ سەر شاری سلیمانی. بۆ ڕاستگۆیی ئەو لیژنەیە باشترە ئەگەر لێکۆڵەرەوە و کەسانی یو ئێن **UN** و ولاتانی تری تێدا بێ.

**3-** لەهەمان کاتدا پەرلەمانی کوردستان کار لەسەر داڕشتنی یاسایەک بکا کە لە کاتی کێشە و ناکۆکیدا تەنها **بە بڕیاری 3/2 پەرلەمانی کوردستان بتوانرێ هێزی پێشمەرگە بگواسترێتەوە** یان بنێردرێ بۆ ناوچەیەکی تر.

**4-** پەرلەمان یاسایەک دابرێژێ بۆ ترساندن و سزادانی هەچ لایەنێک کە ئەگەر چەک و توندوتیژی دژی هاوڵاتیان بەکار هێنا بتوانرێ حیزبەکەی بخرێتە لیستی ترۆریستان، یان بۆ ماوەیەک چالاکی بوەستێنرێ یان نەهێڵرێ بەشداری لە هەڵبژاردندا بکا.

**5- تاوانباران بدرێنە دادگا:** قورسترین سزای ئەو تاوانبارانە بدرێن کە تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە، لە هەمان کاتدا **زۆرترین سزای دارایی پارتی بدرێت** بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە کوژراون و بریندارببوون یا زەرەرمەند بوون. ئەو قەرەبووە نەخرێتە قاڵبی پارەی خوێن و سوڵحەوە، بەڵکو سزایەکی دارایی یاسایی بێ بۆ پاداشتی زەرەرمەندان. دەبێ ئەو قەرەبووە ئەوەندە زۆربێ کە میکانیزمێکی ترس دروست بکا بۆ ئەوەی جارێکیتر چەکداری هیچ لایەنێک نەوێرێ تەقە بەڕووی کەسدا بکا.

6- **بەپەلە دیالۆگی ئاشتی جدی دابمەزرێ** بەتایبەتی لە نێوان سەرکردایەتی یەکێتی و گۆڕاندا وە هەروەها لەگەڵ لایەنەکانی تردا بۆ ڕێگرتن لە پەرەسەندنی ناکۆکییەکان، وە داڕشتنی **بەرنامەیەکی کار** بۆ دەرچوون لەم قەیرانەی ئێستا و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە و لەپاشان کارکردن بۆ ئاشتی و چاکسازی و دیموکراتی و عەدالەت. زۆرگرنگە یەکێتی بە چاوێکی نوێ و ستراتیجێکی ڕاستەوە سەیر و ڕەفتار لەگەڵ گۆڕاندا بکا و وەک حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن لەگەلیدا بگونجێ. پێویستە یەکێتی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتیدا هاوخەباتی گۆڕان بکا، نەک بەپشت و هانی پارتی مافەکانی زەوت بکا و هەڕەشەی لێبکا یان **گۆشەگیر و ئابلۆقەی** بدا، چونکە نە گۆڕان لەناودەچی و نە یەکێتیش دەبێتەوە بە یەکێتی پێش گۆڕان. تەنانەت هەڕەشە و داپڵۆسین و ئابلوقەدانی گۆڕان و بەرتەسکردنەوی بواری کارکردنی سیاسییەکانیان لە پەرلەمان و لیژنە و ئەنجومەنەکاندا دەبێتە هۆی تیژکردنەوەی ناکۆکییەکان و ئیجبارکردنی گۆڕان بۆ گواستنەوەی ناکۆکییەکان بۆ دەرەوەی **سەکۆ سیاسیەکان** و سەرئەنجامیش گەنجان و هاوڵاتیانی تر هەڵوێستی لەسەر وەردەگرن و ناکۆکییەکان پەرەدەسەنن. لەهەمان کاتدا بەڕای من پێویستە یەکێتی بە **ڕێکەوتنە ستراتیجییەکەی لەگەڵ پارتیدا** بچێتەوە چونکە ئەو ڕێکەوتنە لایەنی باش و خراپی هەیە. لایەنی خراپ ئەوەیە ناتەندروستە و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر گەشەی سیستێمی سیاسی و دیموکراتی کوردستان دروستکردوە و دەکا. ئەو ڕێکەوتنە بۆ نمونە **مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتی** دروستکردووە و بۆتەهۆی پەراوێزخستن و بێبەشکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە دەسەڵات و هەروەها **هاندانی تێندێنسی دیکتاتۆری و گەشەی گەندەڵی**.

**7- لابردنی پارێزگاری سلێمانی:** هەرچەندە پارێزگاری سلێمانی کەسێکی هێمن و نەرم دیارە بەڵام بەداخەوە سەرکردەیەکی نەناسراوی ناسیاسی و لاوازە، توانای بەشی ڕابەرایەتی و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی پارێزگاکە ناکا و لەم قەیرانەشدا هیچ دەسپێشکەری و چارەسەرێکی نەبوو. لەگەڵ ئەوەی کەم توانا و بێ دەسەڵاتە لەهەمان کاتدا هیچ پەیوەندی و پشتیوانییەکی نییە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە کە لە ڕاستیدا دەبووایە هەردوو لایان لەم ڕۆژە سەخت و ناخۆشانەدا وەک تیمێکی بەهێز کاریان بۆ پارێزگاکە و دانیشتوانی بکردایە. لەبەر ئەوە پێویستە بەراوێژ لەگەڵ هەموو لایەنەکان و ئەنجومەن **پارێزگارێکی سیاسی بەهێزی** ناسراوی لێهاتو کە دەست و قسەی ڕوا دیاریبکرێت.

هیوا کاردۆیی
کادری سۆشیالدیموکراتی سویدی و پێشمەرگەی دێرین
2011-2-24

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com